كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-7-2007 20:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تاکەی ئاوارەکان چاوەڕووان بن؟!! ... حەسەن سەید باقی:**

مێژووی مرۆڤایەتی، لەسەر هەڵدانی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان چینەکان سەری هەڵداوە.



لەسەرتاسەری دونیادا لەئەنجامی ناکۆکیە ئابووری و سیاسیەکاندا، زۆرداری و ستەم مرۆڤی ناچارکردووە یاخی بێت. زێدی خۆی بەجێبهێڵێت. یا راگوێزراوەو ناچاربووە لەشوێنێکی تر، وولاتێکی تردا بگیرسێتەوە. بۆ بژێوی ژیان وخۆ پاراستن لەستەمکاران، لەتوندی و تیژیەکان. شەڕەناوخۆییەکان و شەڕی نێوان وولاتەکان هۆکاری بنەڕەتی سەرگەردانی و دەربەدەری بووە. عێراقیش وەك بەشێك لە گشت، بەهۆی ئەو شەڕە یەك لەدوای یەکانەی کە ڕوویداوە، ئەو سیاسەتە وەحشیگەریەی بەعسی ڕووخاو سەرگەردانی و سفرەی بەتاڵ و تۆقاندن مێوانی خەڵکی بەشمەینەت بووە. کوردستانیش بەشی شێری بووە لەو نەهامەتیانەی کە ڕووبەڕووی ستەمدیدەکان بووەتەوە. لە دوای سەرهەڵدان وە ڕزگار بوونی زۆرینەی شارەکانی کوردستان، دیسان شەڕی ناوخۆو گرانی باری ژیان وای لەخەڵکی کوردستان کرد کە ڕێگەی هاتو نەهات بگرنەبەر. ئەوەی جێگەی ئازارە، ئەو خەڵکە هەزارەی کە سەربە حیزبە شەڕکەرەکان بوون ئاوارەبوون. بەڵام نا بۆ دەرەوە، نا بۆ لایەنی سێیەم بەڵکە لەخاك وئاوی کوردستان، وە بێبەش بوون لە ئازادی تاکەکەسی. چەندین هەزار مرۆڤ لە نیشتماندا توشی نامۆیی بوون.

شەڕی ناوخۆ بەشێکی گرنگی ئەم مەرگەساتەیە، کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە وازیان لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان هێناو پابەست بوون بە ویست و ئارەزووەکانی حیزب و لایەنەکانیان. بوونە سووتەمەنی شەڕ. منداڵەکانیان هەتیوو، خێزانەکانیان بێوەژن کەوتن. سەرباری هەموو ئەمانە ناوی ئاوارە بوویە لەکەیەك و کەسایەتی ئەم مرۆڤە هەستناسکانەیان ئازار ئەدا. ئەم هەست ناسك و مرۆڤە سادانە بوونە خۆراکی حیزب، مرۆڤی پلە دوو. تانەو تەشەری شوێنی حەوانەوەی دووەمیان، لە نیشتماندا ئازاریان ئەداو شانازی مرۆڤ بوون و مرۆڤایەتیان نەما. هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی، مرۆدۆستیان لەلا لاواز بووە. مۆرالی گشتی و مرۆڤایەتی ملکەچە لەبەردەم ئەو دەردی سەریو ناڕەحەتیەی کە ڕێگەی ژیانی لی تەنیوون. سەرەڕای ئەمانەگشت ناوی ئاوارە وەك سوکایەتی بەکاردەبرێت. کچەکانیان شوویان بۆ نا بێت، کوڕەکانیان ناتوانن هاوسەرگیری بکەن. کەچی تا هەنووکە نەهاتوون بە هانای داواکاریە ڕەواکانیانەوە.

زۆرجار بانگەوازێك یا دەنگگۆیەك لێرەو لەوێ بڵاو دەبێتەوە، ئەها لایەنی پەیوەندار بەهانای ئاوارەمتفەریقەکانەوە دەچێت، لایەکیان لێدەکەنەوە. بەڵێ کارو بژێوی ژیانیان، شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ دابین دەکەن. بەڵام مەخابن هەر بەڵێنەو دەدرێت، لەڕاستیدا هیچیان بۆ ناکرێت. هەن سوودمەندن، ناوقەد زل و وورگ شۆڕن. بەڵام زۆربە هەژارن و هەژاتر دەبن. منداڵەکانیان پێخاوس و بەسکێك تێرو دووان برسین!! جێگەی سەرسوڕمانە پەیمانیان دەدەنێ کاتێك ئەوان ناڕازین و ناڕەزایی دەردەبڕن. کەچی دواتر هیچیان بۆ ناکرێت!! ئەمە بۆ؟ هۆکار چییە؟! کاتی پێویست هەر ئاوارەن بۆ بەرگری پاراستنی ئەزموونەکە، پێشەوەنگن، سووتەمەنین. بەڵام کاتی تر لەبیرکراوون، ئەزانی بۆ؟!

تاکەی لایەکی مرۆڤدۆستانەیان لێناکرێتەوە؟! حکومەت و دەسەڵات، حیزب ولایەنی پەیوەندیدار چییان بۆ کردوون و چیان بۆ دەکەن؟! تاکەی پلە دووبن؟!بەڵام ئەرکی شەڕو پاراستنیان لەئەستۆ بێت!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
5-7-2007 20:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
ئەگەر ئەمانە کۆنە مستەشارو فایلدار بوونایە، بەقەدقەبەی فایلەکانیان دەسەڵات و سامانیان پێدەبەخشین!! ڕێزیان لێدەنرا.
بەڵێ ئەمانە سووتەمەنی شۆڕشێکن بەرهەمەکەی فایلدارو ئەنفالچی لووشی ئەدات. تاکەی وەڵامێکی دروست لەو بەشمەینەتانە نادەنەوە، تاکەی بێدنگی بەردەوام دەبێت. زەمەن لەگۆڕانی خێرادایە، ڕاچەنینو هەستانەوەبەرێوەیە تا زووەبیرێکیان لێبکەنەوە..

هەولێر
2007 .07 .04

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.